# ئازادی وڕێکخەرەکانی بیر وباوەڕ لەئیسلامدا

[ كردي – کوردی – kurdish ]

## زاگرۆس هەمەوەندی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# حرية الرأي والاعتقاد في الإسلام وضوابطهما

« باللغة الكردية »

زاكروس هموند

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# ئازادی ورێكخەرەكانی بیر وباوەڕ لەئیسلامدا

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودرود وسەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی كوڕی عبدالله وئال وبەیت وهاوەڵە بەرێزەكانی هەتا هەتایە ...

خۆشەویستان ئازادی غەریزەیەكە خوای گەورە لەفیترەتی مرۆڤەكاندا چاندویەتی وهیچ كەس ناتوانێت ئینكاری ئەم راستەی بكات، بەتایبەتی تر پاش هەڵهاتنی خۆری ئیسلام ورەوانەكردنی پێغەمبەری خۆشەیستمان، ئەم راستیەش زۆر بەڕوونی لەووتە بەناوبانگەكەی عومەری كوڕی خەتابدا (خوای لێ ڕازی بێت) زۆر بەڕوونی دەردەكەوێت كە فەرموویەتی : « متى استعبدتم الناس وقد ولدتهم أمهاتهم أحرارا» ئەوە چ كاتێك ئێوە خەڵكتان كرد بەكۆیلە لەكاتێكدائەوان بەئازادی لەدایك بوون .

ئەم ووتە بەنرخە کاتێك فەرمووی کە کەسێك لە قبطیەکانی میصر هاتە خزمەتی عومەری کوڕی خەتاب لە مەدینە و پێی ووت : ئەی ئەمیری موسڵمانان من ستەم لێکراوە، عومەریش فەرمووی کێ ستەمی لێکردوویت: ئەویش ووتی: محمدی کوڕی عەمری کوڕی عاص کاتێك پێشبڕکێی ئەسپ سواریمان دەکرد من پێشی کەوتم، ئەویش قامچیەکی لێدام وپێی ووتم : ئەوە چۆن پێشم دەکەویت ؟ نازانیت من کوڕی دوو کەسە بەرێزەکەم ؟ عومەریش نامەیەکی نارد بۆ عەمر لە میصر و نووسی بۆی کە خێرا خۆت و کوڕەکەت بگەنە مەدینە، جاکاتێك گەشتنە مەدینە و عومەر دڵنیابوو لەڕاستی ڕووداوەکە، ووتی بە قبطیەکە هەستە هەقی خۆت لەو کەسە بسێنەوە کە ستەمی لێکردوویت، ئەویش بەقامچی لێییدایەوە و هەقی خۆی سەندەوە، ئەمجا عومەر ووتی بە قبطیەکە بەقامچیەکەت بدە لەباوکیشی چونکە ئەو ئەگەر پلەوپایەی باوکی نەبوایە نەیدەوێرا شتی وا بکات، کابرای قبطیش ووتی : ئەی ئەمیری موسڵمانان من هەقی خۆم لەو کەسە سەندەوە کە

ستەمی لێکردووم و باوکی ئەو لێی نەداوم، ئەمجا عومەر (خوای لێ ڕازی بێت) ڕووی کردە عەمری کوڕی عاص و ئەم ووتە بەنرخە بەناوبانگەی فەرموو کە لەپێشەوە ئاماژەمان پێدا .

بەم شێوەیە ئیسلام وپێشەوا وکاربەدەستانی ئیسلام بەرگریان کردووە لەئازادی مرۆڤەکان، کەچی تازە نەتەوەیەکگرتووەکان ورێکخراوەکانی مافی مرۆڤ پاش چواردە سەدە دێن داکۆکی لە مافی ئازادی گەلان دەکەن !!

ئاینی پیرۆزی ئیسلام بەو پەڕی فەخر وشانازیەوە بەرگری دەکات لەمافی ئازادی کەسەکان لەکۆمەڵگەدا بەهەموو چین وتوێژەکانیانەوە، ئەوەتانێ خوای گەورە ڕێگا نادات بە پێغەمبەرەکەی (صلی الله علیه وسلم) کە خەڵکی بەزۆرەملێ و تۆپزی باوەڕ پێ بهێنێت وناچاریان بکات بەو ئاینەی کە هێناویەتی وەك فەرموویەتی ﴿ وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَآمَنَ مَنْ فِي الْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا أَفَأَنْتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّىٰ يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ﴾ [یونس :

٩٩] واتە : ئەگەر پەروەردگارت بیویستایە (دەیتوانی بەزۆرو بەناچاری) هەر هەموو دانیشتوانی سەر زەوی باوەڕ بهێنن، جا ئایا تۆ (ئەی محمد صلی الله علیه وسلم) ئەتەوێ زۆر لەخەڵکی بکەی بۆ ئەوەی بڕواداربن؟!

یان لەجێگایەکی تردا فەرموویەتی : ﴿لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ﴾ [البقرة : ٢٥٦] واتە : لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا داسەپاندن وناچارکردن و زەبرو زەنگ نیە بۆدینداریی و وەرگرتنی ئاینی ئیسلام .

هەر لەبەر ئەمەیە خوای گەورە باوەڕێك وەرناگرێت بە لەژێر زەبر وزەنگدا خاوەنەکەی باوەڕی هێنابێت، چونکە باوەڕێك بەزۆر هێنرابێت دوو ڕووی و نیفاق دروست دەکات وخاوەنەکەی خۆشەویستی خوای گەورە وپێغەمبەرەکەی وئیمانداران لەدڵ ودەروونیدا جێگیر نابێت کەبەشێکی گەورە و پایەیەکی سەرەکی باوەڕهێنانە، هەرچۆن خوای گەورە بەهەمان شێوە کافربونێکیش لەژێر زەبروزەنگدا بووبێت

بەتاوان و گوناهی نازانێت، وەك فەرموویەتی : ﴿ مَنْ كَفَرَ بِاللَّهِ مِنْ بَعْدِ إِيمَانِهِ إِلَّا مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالْإِيمَانِ ﴾ [ النحل : ١٠٦] واتە : هەرکەسێك پاش بڕوا هێنانی بەخوا، کافرو بێ باوەڕ بێتەوە، بێگومان سزای توند دەدرێ ودەکەوێتە بەر قارو تووڕەیی خواوە، مەگەر کەسێك زۆری لێ کرابێ و، لەوکاتەیشدا دڵ ودەروونی پڕ بێت لە باوەڕ وئیمان، وەکو (عەمماری کوڕی یاسر) خوا لێیان خۆش بێت. (ئیبن عەباس) دەڵێت: موشریکەکان ئازارو ئەشکەنجەی (عەممار)یان زۆردا، بەرادەیەك گەیشتە حاڵەتێك لەژێر سزادا تیا بچێت، ئەوسا لەبەر ناچاریی و بەدڵێکی پڕ لە ئیمانەوە ئەوانی رازیی کرد، جا بۆ دوایی هاتە لای پێغەمبەری خواو کارەساتەکەی بۆ گێڕایەوە، ئەویش فەرمووی: لەو کاتەدا دڵت چۆن بوو؟ (عەممار) گوتی: دڵم پڕ لەئیمان بوو: فەرمووی: دەسا ئەگەر ئەم جارەش ئەو حاڵەتە دووبارە بوویەوە، تۆیش جاران چیت گوتبوو بیڵێرەوە.

یان لەجێگایەکی تردا دەفەرموێت : ﴿وَقُلِ الْحَقُّ مِنْ رَبِّكُمْ فَمَنْ شَاءَ فَلْيُؤْمِنْ وَمَنْ شَاءَ فَلْيَكْفُرْ إِنَّا أَعْتَدْنَا لِلظَّالِمِينَ نَارًا﴾ [الكهف : ٢٩] واتە : پێیان بڵێ: حەق هەر ئەوەیە کە لەلایەن پەروەردگارتانەوە بۆتان ڕەوانەکراوە، جا ئەوەی دەیەوێت با باوەڕ بهێنێت و ئەوەشی دەیەوێت با کافرو بێ باوەڕ بێت، بێگومان ئێمە دۆزەخێکمان ئامادە کردووە بۆ ستەمکاران .

بەم پێیە ڕوون بوویەوە کە خوای گەورە تەواو سەربەستی داوە بەمرۆڤەکان لەدونیادا وژیری وبیروهۆشیشی پێداوون بۆ جیاکردنەوەی چاك وخراپ لەیەکتری، بۆیە دوای هەموو ئەمانە خوای گەورە مرۆڤی سەربەست وئازاد کردووە لەنێوان باوەڕ وبێباوەڕیدا، بۆ ئەوەی لەدواڕۆژدا هیچ بیانوویەکی نەمێنێت لەبەردەم پەروەردگاردا.

بەڵام ئەم ئازادیەش مانای ئەوە نییە ئیتر مرۆڤ سەربەست بێت لەهەڵبژاردنی بێباوەڕی وهەرچی بەدڵی خۆی بێت بیکات لەکۆمەڵگەداوئەوەی هەوا وئارەزووی داوای دەکات

سڵ نەکاتەوە لەنەکردنی! نەخێر کاتێك مرۆڤ ئازادە لەوەی بێباوەڕی هەڵبژرێت دەبێت چاوەڕوانی سەرەنجامەکەشی بکات لەدوارۆژدا کە مانەوەیە لەدۆزەخدا بەهەمیشەیی و هەتاهەتایی .

بۆیە دەبێت بزانین کاتێك باس لە ئازادی بیروباوەڕ دەکەین لەئیسلامدا مەبەستمان ئەوە نییە ئیسلام ئازادیش دەدات بە بێباوەڕی وئیلحاد وعەبەسیەت وشیوعیەت، بەڵکو کاتێك ئەهلی کتابیشی ئازاد کردووە کە لەسەر ئاینی خۆیان بمێننەوە دەبێت (جزية) بدەن بە دەوڵەتی ئیسلامی لەبەرامبەر دیفاع لێکردنیان، وە دەبێت خەریکی (تنصير وتبشير ) بەگاورکردن وبەجولەکە کردنی خەڵکی نەبن، چونکە هەموو ئەمانە دەچێتە خانەی خیانەت لەو پەیمان وبەڵێنەی کە لەسەرەتاوە لێیان وەردەگیرێت .

هەر سەبارەت بەئازادی، ئاینی پیرۆزی ئیسلام مێژوویەکی پڕشنگداری بۆ خۆی تۆمارکردووە، ئەوەتانێ

پیغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پاش ئەوەی کۆچ دەکات بۆ شاری مەدینە و ئەو دەستورە بەناوبانگە دەنوسێتەوە لەنێوان موسڵمانان و جولەکە وتەواوی پێکهاتەکانی ئەو شارەدا، تا ئەم ساتەش مرۆڤایەتی شانازی دەکات بەوەها دەستورێکەوە بە شاهیدی دۆست و دوژمن کەم وێنەیە لەمێژوودا، لەم دەستورەدا مافی تەواوی داوە بەئاین وپێکهاتەکانی مەدینە وئەو بەند و مادانەی کە لەو دەستورەدا هاتوون هەموو هەق ومافەکانی دیاری کردووە، لەیەکێك لەو مادانە هاتووە : « وأن يهود بني عوف أمة مع المؤمنين لليهود دينهم وللمسلمين دينهم مواليهم وأنفسهم إلا من ظلم نفسه وأثم فإنه لا يوتغ (أي لا يهلك) إلا نفسه وأهل بيته » واتە : جولەکەکانی بەنی عەوف یەك میللەتن لەگەڵ باوەڕداران و موسڵماناندا لەشاری مەدینە، جولەکەکان لەسەر ئاین و دینی خۆیان بن و باوەڕداران و موسڵمانانیش لەسەر ئاین ودینی خۆیان، خۆیان و بەندە و کەنیزەکەکانیان، مەگەر کەسێك نەبێت ستەم و زوڵم وتاوانێك بکات، ئەوە ئەو کاتە تەنها خۆی و کەسوکارەکەی بەرپرسن . سەرنج بدەن بزانن پێغەمبەر

(صلى الله عليه وسلم) جولەکەکانی مەدینەی چۆن ئازاد کردووە کە لەسەر ئاین ودینی خۆیان بمێننەوە وئازاد بن لەجێ بەجێکردنی داب ونەریتی وپەرستنی ئاینی تایبەت بەخۆیان بەشێوەیەك کەس ناتوانێت زۆریان لێ بکات لەسەر ئەوەی باوەڕ بهێنن، بۆیە دەبینین جولەکە وگاورەکان کە بەدرێژایی مێژوو لەژێر حوکم وفەرمانڕەوایی ئیسلامدا ژیاون بە شاهیدی خۆیان خۆشترین کاتیان بووە و موسڵمانان زوڵم وزۆریان لێ نەکردوون وبگرە بەوپەڕێ دادگەریەوە مامەڵەیان لەگەڵدا کردوون .

تەنانەت کاتێك کە خوای گەورە فەرمان دەکات کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بانگەوازی خەڵکی بکات فەرمانی پێدەکات بەو پەڕی حیکمەت و داناییەوە لەگەڵیاندا بدوێت وەك فەرموویەتی : ﴿ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾ [النحل : ١٢٥] واتە : ئەی پێغەمبەر! (صلى الله عليه وسلم) هەر بەژیرانە وحیکمەت و،

ئامۆژگاری شیرین وجوان، خەڵك بۆ ڕێگای پەروەردگارت بانگ بکە، وە بەچاکترو باشترین شێوە قسەو گفت وگۆیان لەگەڵ بکە، بەڵگەی جوان و بەهێزیان بۆ بهێنەوە.

بەرامبەر بە ئەهلی کتابش خوای گەورە بەم شێوەیە فەرمانی بە محمد المصطفی دەکات، ﴿ وَلَا تُجَادِلُوا أَهْلَ الْكِتَابِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾ [العنكبوت :٤٦ ] واتە : گفتوگۆ و (مجادلة) مەکەن لەگەڵ خاوەنی کتێبە ئاسمانیەکاندا مەگەر بەجوانترین شێوە نەبێت، ئەمەش لەپێناو ئەو مەبەستە جوانەیە کە باوەڕ بەهێز وزۆرە ملێ ناچێتە ناو دڵەکانەوە، باوەڕ دەبێت بەو پەڕی ئارەزومەندانەوە بێت بۆ ئەوەی خاوەنەکەی خۆشەویستی پەروەردگار و پەرستراوەکەی کە (اللە) یە بەجوانی لەدڵ ودەروونیدا بچەسپێت وتام وچێژی لێوەربگرێت، چونکە باوەڕپێهێنانی بەزۆر وەك ووتمان دووڕووی و نیفاق بەرهەم دەهێنێت .

لەگەڵ هەموو ئەم ئازادیانەدا خوای گەورە داویەتی بەبەندەکانی بەڵام ئەبێت ئەوەشمان لەبیر نەچێت ئازادی بیروڕا لەئاینی پیرۆزی ئیسلام و بگرە لەیاسا دەستکردەکانی سەر زەویشدا ڕەها و بێ سنوور نییە، بەڵکو بەهەندێك خاڵ وبەهەندێك مەبادیء ڕێکخراوە، چونکە ئازادی ڕەها و بێ قەید وشەرت بەرەڵایی بەرهەم دەهێنێت، بۆیە ئازادی بیروڕا لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا بەهەندێك خاڵ ڕێککخراوە ئەویش بەم شێوەیە خۆی دەبینێتەوە :

یەکەم : دەبێت بیروڕا بۆ چەسپاندنی هەق وڕاستی و بنەبڕکردنی خراپە وتاوان وگەندەڵی بێت، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ [ال عمران : ١٠٤] واتە : پێویستە لە ئێوە ئومەتێک پێک بێت، یاخود با هەمووتان ئومەتێک بن کە بانگەواز بکەن بۆ خێرو چاکە، فەرمان بدەن

بەهەموو كارێكی باوو دروست، قەدەغەی هەموو نادروستیەک بكەن، ئا ئەوانە هەر سەرفرازن.

لەم ئایەتە پیرۆزەدا خوای گەورە مرۆڤەكانی ئازاد كردووە بەو مەرجەی كاریان ئەوە بێت كە رەوشت و سلوكی خێر وچاكە بڵاو بكەنەوە وفەرمان بەوە بكەن كە خوای گەورە بەچاك وباشی داناوە و لەهەمان كاتیشدا رێگری بكەن لەخراپە وخراپە كاری، بۆیە ئەگەر كەسێك بیەوێت بەناوی ئازادیەوە خەریكی بڵاوكردنەوەی خراپەكاری و بێ رەوشتی ومەی خواردنەوە بێت بەهیچ شێوەیەك رێگای پێنادرێت، چونكە ئەم شتانە لەگەڵ ئەو فیترەتەی كە خوای گەورە مرۆڤەكانی لەسەر خەلق كردووە پێك نایەنەوە،

دووەم : دەبێت ئازادی بیروڕا بۆ جێ بەجێكردنی دادپەروەری ورێگری كردن بێت لە ستم وزوڵم وزۆر، ئەمەش كارێكی سەرەكی سەرجەم پێغەمبەران بووە، وەك پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) فەرموویەتی : « أفضل الجهاد كلمة حق عند

سلطان جائر » [رواه الترمذي وقال حديث صحيح] واته : باشترين تێكۆشان و جهادێك ئەوەیە قسە و ووشەیەكی هەق لەبەردەم دەسەڵاتدارێكی ستەمكاردا بڵێیت .

سێهەم : دەبێت خاوەنەكەی مەبەستی پێی خێر وچاكە بێت بۆ خەڵكی نەك نانەوەی فیتەن و ئاژاوەگێڕی، چونكە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَقُلْ لِعِبَادِی يَقُولُوا الَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ الشَّيْطَانَ يَنْزَغُ بَيْنَهُمْ إِنَّ الشَّيْطَانَ كَانَ لِلْإِنْسَانِ عَدُوًّا مُبِينًا ﴾ [الإسراء : ٥٣] واتە : ئەی پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) بەبەندەكانم بڵێ: چاكترین گوفتار بڵێن (جوانترین گوفتار بنووسن) چونكە شەیتان بەڕاستی دەیەوێت نێوانیان تێك بدات (هەمیشە هانیان دەدات بۆ ووتنی گوفتاری هەڵەو خراپ)، بەڕاستی شەیتان دوژمنی ئاشكرای ئینسانەو (دەبێت وریابێت ئەو دوژمنە تووشی هەڵەی نەكات).

چوارەم : پێویستە لەكاتی دەبڕینی بیروڕادا ڕەچاوی ئەوە بكرێت كە دادوەرانە دەرببڕێت، تەنانەت لەگەڵ بێباوەڕ

و نەیارانیشدا، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلَّا تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى﴾ [ المائدة : ٨] واتە : ڕق و دوژمنایەتی هیچ کەس و هیچ لایەک هەڵتان نەنێت کەلە دادپەروەریی لابدەن، دادپەروەربن، ئەوە نزیکترە لە تەقواو خواناسیەوە .

پێنجەم : ئەبێت ئەو کەسەی کە بیر وڕایەك دەردەبڕێت سەرەنجامەکەی لێك بداتەوە، ئەگەر لەگەڵ ئەو خاڵانەی پێشوودا یەکی گرتەوە و سەرەنجامەکەی لە بەرژەوەندی کۆمەڵگا و موسڵمانان بوو، دەری ببڕێت وە گەر نا دەبێت دوور بکەویتەوە لێی، ئەوەتانێ خوای گەورە لەبەر ئەوەی بێباوەڕان جنێو بە خوای گەورە نەدەن ڕێگای گرتووە لەوەی باوەڕداران قسە بەخوا و پەرستراوەکانی ئەوان بڵێن، وەك فەرموویەتی :﴿ وَلاَ تَسُبُّواْ الَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ اللهِ فَيَسُبُّواْ اللَّهَ عَدْواً بِغَيْرِ عِلْمٍ﴾ [ الأنعام : ١٠٨] واتە : ئێوە جنێوو قسەی خراپ دەربارەی ئەو بتانە مەکەن، کە ئەوخەڵکانە لە باتی خوا ئەیانپەرستن، بۆ ئەوەی

ئەوانی بە نەزانین و جەهلی خۆیان جنێو بەخوای گەورە (اللـە) نەدەن .

شەشەم : رەچاوکردنی ڕاستی و دوور کەوتنەوە لەدرۆ وبوهتان وقسە هەڵبەستن، چونکە هەموو کەسێك لێپرسراوە لەوەی کە لەدەمی دێتە دەرەوە لەبەردەم خوای گەورە وخەڵکیشدا، بۆیە ئەگەر کەسێك بەبیانووی ئازادی ڕادەربڕین بوهتانی بۆ ئافرەتێك یان پیاوێك کرد، لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا دەبێت دار وجەلدی بوهتانکەری لێ بدرێت، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً وَلَا تَقْبَلُوا لَهُمْ شَهَادَةً أَبَدًا وَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ﴾ [ النور : ٤] واتە : ئەوانەی کە بوختانی (زینا) دەکەن بۆ ئافرەتانی داوێن پاك لەپاشان چوار شایەت ناهێنن (لەسەر ڕاستی بوختانەکەیان) ئەوە هەشتا دار (شەلاق) یان لێ بدەن ئیتر هەرگیز شایەتیان لێ وەرمەگرن وە ئەوانە لە سنوور دەرچوون .

بۆیە لەکۆتاییەوە ماوەتەوە بڵێین ئاینی پیرۆزی ئیسلام فەرمانی نەکردووە بە ئازادی باوەڕ، بەجۆرێك فەرمانیان پێ بکات هەرکەسێك هەر ئاین وبیرو باوەڕێك هەڵدەبژێرێت ئازادە و ڕێگا پێدراوە بێباوەر یان مولحید بێت، نەخێر بەڵکو فەرمانی کردووە بە یەکخواپەرستی و دوورکەوتنەوە لەشیرك وبێباوەڕی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگای داوە خاوەن کتێب ونامە ئاسمانیەکان لەگەڵ مەجوسیەکان لەسەر ئایینی خۆیان بمێینەوە ولە دەوڵەتی ئیسلامییدا ژیان بەسەر بەرن وەك ئەوەی لەمێژوودا بەدەر دەکەوێت .

خۆشەویستان ئەمانە گرنگترین ئەو ڕێکخەر و(ضەوابطانە) بوون بۆ دەربڕینی بیرو ڕا لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا، بەپێچەوانەوە خاوەنەکەی ڕووبەڕووی لێپرسینەوە دەبێت .

بەئومێد وهیوای ئەوەی خوای گەورە زیاتر شارەزاترمان بکات بەئاینەکەی .

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى اله وصحبه وسلم